ئەنسارولڵای یەمەن بە مووشەکێکی بالیستیکی هایپەرسۆنیک فڕۆکەخانەی لد دەکاتە ئامانج

بزووتنەوەی ئەنساروڵای یەمەن (حوسییەکان) ئەمڕۆ چوارشەممە ڕایگەیاند کە فڕۆکەخانەی لدیان بە مووشەکێکی بالیستیکی هایپەرسۆنیکی "فەلەستین ٢" بۆردومان کردووە.

یەحیا سەریع، وتەبێژی سەربازی بزووتنەوەی ئەنسارڵای حوسییەکان ڕایگەیاند: "هێزە مووشەکییەکان ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی چۆنایەتیان ئەنجامدا و فڕۆکەخانەی لدیان لە ناوچەی یافای داگیرکراو کردە ئامانج بە مووشەکێکی بالیستیکی هایپەرسۆنیکی 'فەلەستین ٢'".

ئاماژەی بەوەشکرد، "بۆردومانکردنی فڕۆکەخانەی لد لە وەڵامی تاوانەکانی جینۆساید و برسێتیدا بووە کە لەلایەن دوژمنەوە لە غەززە ئەنجامدراوە".

هێمای بۆ ئەوەش کرد کە "جیهان دانی بە ڕادەی ئازارەکانی براکانمان لە غەززە ناوە لە برسێتی و گەمارۆدان و دەستدرێژی، ئەمەش نەتەوەی عەرەب و ئیسلامی دەخاتە بەردەم بەرپرسیارێتییەکی گەورەی ئایینی و مێژوویی".